سەماحەتی حەکیم لەمیانەی پێشوازی کردنی لە بەڕێز عەمانۆئێل خۆشابا گرنگی پێکهاتەی مەسیحی دووپات دەکاتەوە و داوای بەشداری کردنی ئێکتیڤ لە هەڵبژاردنەکان دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز عەمانۆئێل خۆشابا ئەمنیداری گشتی پارتی ئاشووری و لەم دیدارە باس لە دۆخی مەسیحیێکان و دۆخی سیاسی عێراق و ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کرا.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کەپێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی عێراق و ئیزافەیەکە بە کوالیتی کەڵتووری عێراقی، لەبەر ئەوەی کەلتوور و مێژوو و ڕۆشنبیری دێرینی هەیە و بەرزیان داواکەی دووپات کردەوە کە پێویستە ئاوارە مەسیحییەکانی ئەوروپا بخوازێتی خۆیان بگەڕێنەوە و بەشداری لەوە بنیاتنانی عێراق و سەقامگیری بکەن.
سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان ، سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکتانی داهاتوو و بەوەی کە ڕۆگای سەقامگیری هەمیشەیی دەبێت داواشی کرد ئامادەکاری جیدی و کاریگەری لەسەر بنەمای بەرنامە و دیدی بەتوانا بۆ بەدی هێنانی خواستی هاولاتیان و زامنکردنی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو پێکهاتە عێراقییەکان .